دەرباز کەسرەت رەسول پێشوازی لە کونسوڵی ئەڵمانیا دەکات

ئەمە یەکشەممە،لە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە شاری هەولێر دەرباز کەسرەت رەسول لەپرسراوی مەکتەبی پێیوەندییەکانی یەکێتیی پێشوازی کرد لە کاوس شترایشەر کونسوڵی گشتی ئەڵمانیا لە هەرێمی کوردستان.

لە دیدارەکدا کە دارا خەیلانی ئەندامی سەرکردایەتی ئامادەی بوو، دەرباز کەسرەت رەسول سوپاسی حکومەتی ئەڵمانیای کرد بە هاوکاریی بەردەوامکانی بە هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەتایبەتی لە جەنگی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرو راهێنانی بەردەوام بە هێزەکانی پێشمەرگە.

لە بەشێکی تری دیدارەکەدا گفتوگۆکرا لەبارەی دۆخی هەرێمی کوردستان و پێیوەندی نێوان لایەنە سیاسییەکان، لەمووەو هەردوولا جەختیان لەگرنگی باشترکردنی پێیوەندی نێوان لایەنە سیاسییەکان کردەوو لەپرسراوی مەکتەبی پێیوەندییەکان رایگەیاند یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خوازیاری پێیوەندییەکی بەهێزو هاوسەنگە لەگەڵ سەرجەم هێزو لایەنە سیاسییەکان.

پەیوەندییەکانی نێوان هەرەم و بەغدا بەشێکی تری دیداری نێوان لەپرسراوی مەکتەبی پەیوەندییەکان و کونسوڵی ئەمانیا بوو، هەردوولا کەک بوون لەسەر چارەسەری بنەڕەتی کێشەکان لە چوارچێوەی دەستوورو بەڵگەنامەکانی هاوبەش.